سەرچاوەیەک: ئەنجومەنی وەزیران بڕیار دەدات مووچەی مانگی تەموز بە فەرمانبەرانی کوردستان بدرێت.



سەرچاوەیەک رایگەیاند، بەغدا بە مەرجی ڕادەستکردنی داهاتی نانەوتی و نەوت بڕیاری خەرجکردنی مووچەی مانگی حەوتی دا.

ئەمڕۆ سەشەممە ٢٣ـی ئەیلولی ٢٠٢٥، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا و یەکێک لە بڕگەکانی تەرخانکرا بۆ باسکردن لە پرسی داهاتی نانەوتی و هەنارەکردنەوەی نەوتی هەرێم و ئەو ڕێککەوتنە سەقامگیرییەی ئەنجام دراوە.

سەرچاوەیەک لە کۆبوونەوەکە بە میدیاکانی وت، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار لەسەر ڕادەستکردنی نەوت و داهاتی نانەوتی بڕیاری خەرجکردنی مووچەی مانگی حەوتی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان درا.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەبارەی پرسی مووچە و هەنارەی نەوتی هەرێم چەند بڕیارێکی دەرکرد، کە ئەم ئەمانەی خوارەوە پوختەی بڕیارەکانن:

- پێداچوونەوە بە راپرتکەی ئینجومەنی دەوڵەت دکرێت و تا کشەی داهاتی ناخۆ یکلادبێتەوە، بەغدا بە خەرجکردنی مووچەی مانگی حوت داوای کردووە هەرێم هاوشێوەی دوو مانگی پێشووتر بڕی ١٢٠ ملیار دینار رادەست بکات.

- پێویستە لە ٤٨ کاتژمێری داهاتوودا هەناردەی نەوتی هەرێم دەستپێبکاتەوە.

- بەدەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، گفتوگۆی مووچەی مانگکانی هەشت تا مانگی ١٢ دکرێت.

- پێویستە لە مووچەی مانگی هەشتەوە بڕی ئەو داهاتەی هەرێم رادەستی دکات، زیاتر بێت لە ١٢٠ ملیار دینار

.